www.kurdistannet.org

# کام بەرە هەڵدەبژێرن

## عەلی مەحموود محەمەد

هیچ مرۆڤێك بێ کەم کوڕی نییە، حەمەسەعید حەسەنیش مرۆڤە، دەردێکی نووسەران و سیاسییەکانی کوردیش ئەوەیە جیهان تەنها لە چاویلکەی خۆیانەوە دەبینن و دان بە کەم و
کوڕی خۆیاندا نانێن.

تا ئێستا حەمەسەعید حەسەن بەتایبەتیش لەو کاتەوەی ئینتەرنێت و ماڵپەرە کوردییەکان داهێنراون ئەویش بەرهەمەکانی خۆی ئازادانە بە خوێنەر گەیاندووە، ئیتر لایەنگر و دژی هەبووە، هەڵسەنگاندنی شێوازی نووسین و هونەری نووسینەکانی، ئەمە کاری نووسەران و ڕەخنەگرانە، نەك ئێمەی خوێنەر. لەم ماوانەی دوایشدا ئەو نووسینانەی ( سەلام عبدولا ، خەتاب سابیر، سەلاح گەرمیانی) و خەڵکانی دیکەش لە سەر حەمەسەعید حەسەن دەیان نووسین بەشێوەی ئاسایی وەرم دەگرت، هەرچەندە زۆر جار لە پێوەری وتار نووسینیش دەرچووە، پێم ئاسایی بوو، بەرەی پێشکەوتن خوازی و گەل مشتومڕی توند لە نێوانیاندا هەبێت، بە تایبەتیش مشتومڕەکان بۆ هەڵەبجە بێت.

دیارە هانا بردن بۆ شێوازی جنێودان لە نووسیندا، شێوازێکی دواکەوتوانەیە و پلە و پایەی نووسینەکە لای خوێنەر دێنێتە خوارێ، ناتوانێت جێگەیەك لەبیریدا داگیر بکات. بەڵکو جنێودان نیشانەی تەنگەتاوی و زەلیلی خاوەنەکەیەتی .

ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەیە، دوێنێ دوو وتارم لە ماڵپەڕەکان بینی کە زیاد لەوانی کە سەرنجی ڕاکێشام ، ئەویش وتارێك بوو لەلایەن دوو تێکۆشەری کورد بەناوی( قاسم نۆکانی و ڕزگار حەساری)یەوە نووسرابوون بۆ بەڕێز حەمەسەعید حەسەن. قاسم نۆکانی دەیان ساڵ پێشمەرگەو دایك و باوکی میوانی میوانخانەکەی نوگرە سەلمان بوون، ڕزگار حەساری ڕۆژنامەوانی شاخ، لە نامەکەیاندا بە کۆمەڵێك وشە هەستی ناسکی خۆیان، بۆ نووسینەکانی کاك حەمەسەعید دەربڕیوە.

من لە خۆیان باشتر ئەو تێکۆشەرە ناڕازییانە دەناسم، یاخی بوونی بەردەوامییان دڵیانی بە ئاستی داوە دەزوو ناسك کردووە. لە بەرامبەر نامەیەکی دوو تێکۆشەرە، بەرامبەرە دژەکەی، واتە دژەکەی قاسم و ڕزگارم بینی کە بۆ کوردستان پۆستی ناردووە، کە (سەلاح شوان)ە کە نووسەر لە نەریتەکانی ڕابردووی دەستەواژەکانی سەردەمی نووسینەکانی ئەنفالی بەکارهێناوە.

وام زانی سەلاح شوان جەریئە دێتە سەر پاڵتاك، کە مرۆڤ زۆر خاوێن و پاشەڵ پاکی سیاسی نەبێت. ناوێرێت بێتە سەری. بەڵام دەنووسێت (قسەکردن نییە، بەبێ ئاگاداری دەکرێت ، تەنانەت ڕێگە بە چاتی نووسینیش نادرێت).

پێناسینی کاك سەلاح شوان بۆ خوێنەری کوردی باشور زیادەیە ، چونکە ئەو دەنگێکی زوڵاڵ بوو

www.kurdistannet.org

بۆ داکۆکی کردن لەشۆڕشی ٣٠/١٧ تەموز و سەرکردە فەرماندەکەی صدام حسێن خوا بیپارێزێ و پارتە پێشەنگەکەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست. هەموومان ئەم وشانە لە سەلاح شوانەوە فێربووین. سەلاح لە بەشێکی تری نووسینەکەی دەنووسێت. ( من و تۆ کاك سەلام عەبدوڵا و کاك سەعید سەقزی و هەموو خوێنەران و نووسەرانی کورد چاکی دەناسن) . ئەمەش بەرە دروست کردنێك دەگەیەنێت.ئیتر نازانم ئەو بەڕێزانە ئامادەن ئیمزای ئەو بەرە پێشکەوتنخوازیە بکەن یان نا؟ بەرەی سەلاح شوان، لە بەرامبەر بەرەی حەمەسەعید حەسەن ، ڕزگار حەساری و قاسم نۆکانی و خۆپیشاندانەکەی کۆپنهاگن کەحەمەسەعید حەسەن سەعید چالاکانە بەشداری تێدا کرد.

هیوادارم ئەو نووسەرانەی کە لەم ماوانەدا لە مشتومڕدا بوون لەگەڵ حەمەسەعید حەسەن خۆیان لەبەرەی سەلاح شوان کە جاڕی داوە جیابکەنەوەو هەڵوێستی ئاشکرای خۆیان دەربڕن .

لەو بڕوایەدام کە ئیتر کاك خەتاب سابیر و زۆرێك لەو نووسەرانە کە لەبەرەی قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدان گەمە بەئاگر نەکەن .بە هەموو کەم و کوڕییەکانی لەبەرەی گەل دابن کە کاك حەمەسەعید نووسەرێکی ئەو بەرەیە، لە پاڵ دەیان نووسەری سەربەرزی وەك: فواد مەجید میسری، ڕەفیق سابیر، هاشم کۆچانی، نەجمەدین فەقێ عبدالله، بەختیار عەلی، مەریوان ووریا قانع، هادی مەحمود،جەبار قادر، عەبدوڵا پەشێو، شێرزاد حەسەن و دەیان نووسەری دیارو بەرجەستەی دیکەی گەلەکەمان کە داوای لێبوردنیان لێدەکەم ناویانم نەهێناوە.کاتی خۆی ململانێیەك کەوتە نێوان کەمال شاکر و شێخ سەتارەوە، هەرچەندە شێخ سەتار لە پارتەکەی کاك جەبار فەرماندا بوو، بەڵام ئەو بە هۆشیارییەوە کە هەڵوێستی وەرگرت بەرەی کەمال شاکری کۆمۆنیستی هەڵبژارد، ئەمە هەڵوێستە، هەرچەندە من لەگەڵ بۆ چوونی سیاسیانەی جەبار فەرمان نیم.

٢٠٠٢/٣/٢٧